سبەی لە کەرکوک کرایە پشووی فەرمی

ئەمە چوارشەمە، بە بەیاری پارێزگاری کەرکوک، سبەی پێنجشەمە کرایە پشووی فەرمی.

پارێزگای کەرکوک لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، رێبوار تەها، پارێزگاری کەرکوک بەبەنەی رێژی عەرەفەوە، سبەی پێنجشەمەی کردە پشووی رەسمی.

ئاماژەی بەوەشکرد، "پشووەکە سەرجەم فەرمانگە، دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، زانکۆی کەرکوک، کۆلێژ و پەیمانگاکان دەگرێتەوە، جگە لە پەکهاتە و دامەزراوە فیدراڵییەکان".

هەر لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، "رێبوار تەها پیرۆزبایی جەژنی کرد و هیوای جەژنەکی پڕ لە خێر و خۆشی و ئارامیی بە هەمووان خواست".